**پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣٣ ) : ساڵی پێنجەم**


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | ئاخۆ بۆچی ئێمە ئیسلامی ڕاستەقینە تۆمەتبار بکەینەوە ؟!!! | سەرنوسەر |
| ٣ | فەزڵی ڕەوشت جوانی | پشتیوان حسن |
| ٥ | هۆکارەکانی کاریگەربوون بە قورئان | إدريس محمود |
| ٦ | جگەر گۆشەکەت وێنەو کۆپی تۆیە، بۆیە ئاگاداری بە.. | جيهاد قادر |
| ٨ | خوشکەکەم بیرت بێت | ڕێناس محمد |
| ٩ | خەواریج ئەمانیش ماڵن بەسەر ئیسلامەوە !! | هیوا زیرەك |
| ١٠ | ڕێساکانی بیروباوەڕ | زانست |
| ١١ | زیانەکانی فیلمە دۆبلاژ کراوەکان | ئەڤین محمد |
| ١٢ | بەندایەتی ڕاستە قینە | بلال جلال |
| ١٤ | هەندێك لە ئاداب و ڕەوشتە جوانەکان | هەوار عادل |
| ١٥ | نامەیەك لە دڵەوە بۆ دڵ | پشتیوان محمد |
| ١٧ | خۆتەقاندنەوە و تەقینەوە | زانست |
| ١٨ | لابردنی گومان لەسەر وتەیەکی پێشەوا محمدی کوڕی عبدالوهاب | هاوار عبدالله |
| ٢٠ | پرسیار و وەڵامی شەرعی | م.خليل احمد |


**تێبینــــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابـەتیان بڵاوبێتـــەوە ، زانــست ئــەو دەرفەتـــەیان بــۆ دەڕەخـــسێنێت ، بـــەڵام بابەتـــەکانیان بـــەپێی مـــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە نــاوی سەرچــاوە بکرێــت ... ٣ . تــا دەتوانرێــت کــورت و پــوختکراو بێــت ... ٤ . ئامادەکــار نــاوی خــۆی و کۆلێــژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقیق) و(تخریج)کرا بێت .

بــە ڕەخنــە و پێــشنیارەکانتان بڵاوکراوەکــەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ ماستەر لە ڕەوانبێژی . فەرموودە .

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**إدريس محمود** / دەرچووی یاسا. سلێمانی

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٤٠٠٠ دانە

**بۆ دەست کەوتنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار (( ٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨ ))**

# مێژوو دووبارە دەبێتەوە
# ئاخۆ بۆچی ئێمە ئیسلامی ڕاستەقینە تۆمەتبار بکەینەوە ؟!!!

پەیامبەری بەڕەحمەت نێردراو بۆ هەموو جیهان ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە لە ئوممەتەکەی کۆمەڵانێکی لارێ دەبن ، وە هەندێك لە ئاکار و ڕەوشت و سیفەتەکانی بۆ باسکردووین لەچەند فەرموودەیەکیدا هەروەك لە پەرتوکی ( صحيح البخاري ) ـدا هاتوون کە فەرموویەتی :

١ ـ " حُدَثَاءُ الأَسْنَانِ ": کۆمەڵێك لاو وتازە پێگەیشتوون !

٢ ـ "سُفَهَاءُ الأَحْلاَمِ":کەسانێکی کەم عەقڵ وهەڵە و هەرزەن!

٣ ـ " يَقُولُونَ مِنْ قَوْلِ خَيْرِ الْبَرِيَّةِ " : سەرەڕای گومڕاییان : چاکترین ووتەت بۆ دەڵێن کە قورئانی پیرۆز و سوننەتە !!! ئەمەش دیارە بۆ قایلکردنی بەرامبەرەکانیانە .

٤ ـ " يَقْتُلُونَ أَهْلَ الإِسْلاَمِ " : لەکاری بەناو تێکۆشانیان موسڵمانان دەکوژن !!! و خوێنیان حەلاڵ دەکەن !!!

٥ ـ " وَيَدَعُونَ أَهْلَ الأَوْثَانِ " : کەچی لەو لاوە واز لە تێکۆشانی بت پەرستان دەهێنن !!!

پاشان هەر لەهەمان فەرموودەدا پەیامبەرمان ﷺ پێمان دەفەرموێت : " أَيْنَمَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاقْتُلُوهُمْ ؛ فَإِنَّ قَتْلَهُمْ أَجْرٌ لِمَنْ قَتَلَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ " واتە : لە هەر کوێیەك پێیان گەشتن بیانکوژن ، چونکە لە ڕۆژی دواییدا پاداشت لەسەر کوشتنیان هەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەیانکوژێت ، یان دەفەرمووێت : " لَئِنْ أَدْرَكْتُهُمْ لأَقْتُلَنَّهُمْ قَتْلَ عَادٍ " ، واتە : ئەگەر خۆشمان پێیان بگەم وەکو کوشتن و لەناوبردنی هۆزی عاد دەمکوشتن و لەناوم دەبردن .

پاشان ئەوە بوو ئەم کۆمەڵەیە لەپاش کۆچی پەیامبەری خوا ﷺ ، و لەسەرەتای هاتنی جێنشینە بەڕێزەکانی سەریان هەڵدا ، و فیتنە و ئاشوبیان لەو سەردەمانەدا نایەوە تا گەشتەی ئەوەی کە بوونە هۆی کوشتنی زۆرینەی جێنشینە بەڕێزەکانی پەیامبەر،و هەندێك لە هاوەڵان ،موسڵمانێکی زۆر جا ئەگەر هەر یەك لە ئێمە بڕوانێنە پەڕەکانی مێژوو ئەوا دەبینێن : ئەم کۆمەڵە بەیناو بەین سەرهەڵدەدەن ، بەهەمام سیفەت و ئاکاری پێشوو کە پەیامبەری خوا ﷺ باسی لێوەکردن ، بەڵام لەهەر سەردەمێکیش بە ناو و نیشانێکی تر ، بەلاف گەزافێکی نوێ ، و چەندەها دروشی ڕەونەقداریان هەیە ، لەوانە :

ـ لافی تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەرگار لێدەدەن !!! کەچی تێکۆشانەکەیان خەواریجانە !!! چونکە تەنانەت منداڵ و ئافرەت و لاو و پیر و دار و بەردیش زەرمەندە بەهۆیانەوە !!!!

ـ دروشمی هێنانەکایە ودامەراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بەکاردەهێنن !!! کەچی موسڵمانان پێش بێ باوەڕان زەرمەندن بەدەستیانەوە !!

ـ بەناو دروشمی ( **لا إله إلا الله** ) بەرز دەکەنەوە !! کەچی کردەوەکانیان پێچەوانەی خوازیارەکانی ئەم ووشەیەیە ، تەنانەت بێژەرەکانی ئەم ووشە پیرۆە سەردەبڕن !! لە کاتێکدا بێژەرەکانی ئەم ووشەیە و شایەتی دەرانی : دەبێت خوێن و ناموس و ماڵ وسان پارێزراو بن .

سەرەڕای ئەم ڕاستیە و دووبارەبوونەوەی ئەم کۆمەڵە نامۆیە بە ئیسلام بەدرێژی مێژوو بەگشتی ، و سەرهەڵدانیان لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆدا ، دەبینین خەڵکی بەرامبەر بەم کۆمەڵانە و کارە نەخوازراوەکانیان سێ کۆمەڵن - کە لە ڕاستیدا هەڵوێستی کۆمەڵانێکیان جێگەی داخە ، بۆیە داواکارم تۆ فێرخوای موسڵمانی خاوەن هزر ئیسلام دۆست لەکۆمەڵی سێیەم بیت ئەگەرنە لارێ دەبیت و لە ناودەچیت - خوا پەنامان بدات - ، کۆمەڵەکانیش ئەمانەن :

**١ ـ بەهلی دەانن بۆ تانە و توانجدان لە ئاینی ئیسلام پیرۆز و دروشمە ڕەواکانی ، کە ئەمانەش بێباوەڕ و دووڕوانن .**

٢ ـ بەهەلی دەانن بۆ ڕەشکردن وناشرین کردنی هەڵگرانی ئیسلامی ڕاستەقینەن - کە ئەوانیش کەسانی شوێنکەوتەی سوننە و پێشەوایان وسەلەفی صالحی ئەم ئوممەتەن - ، ئەم کۆمەڵەش بریتین لە بیدعەکاران و ئارەزوو پەرستان .

٣ ـ ئەوانەن کە ڕاستیەکان لە شوێنی خۆیان دادەنێن ، و دەزانن کە مێژوو دووبارە بووەتەوە ، بۆیە پارێزراو دەبن لە ئاوەژووکردنی ڕاستیەکان .

سەرنووسەر

## فەزڵی ڕەوشت جوانی

**خوێنەرانی خۆشەویست وڕەوشت بەرز: وەکو ئاشکرایە لای بەڕێزتان لەم ڕۆژگارەدا تاکە شتێك کە هەست بە کەمی ولاوازی بکرێت لای کەسێك کە بیربکاتەوەو هەستی هەبێت بریتیە لە ڕەوشت جوانی و ئاکاری چاك و هەڵسوکەوتی باش.**

**بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە زۆر گرنگ وهەمیشە پێویستە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، و بەتایبەت بۆ موسڵمانی ڕوو لە خواو بۆ خوا صوڵحاو، کە لەلایەك بۆ خۆی بەهایەکی بەرز وپیرۆزە و هەمیشە دەتوانێت بەهۆیەوە بانگەواز بۆ دینی خوا بکات وسەرنجی خەڵك ڕابکێشێت بۆ زیاتر وابەستەبوون بەم دینە بەرزەوە کە هانی تاکەکانی دەدات بۆ دەستگرتن بە بەها باڵا وڕەوشتە جوانەکانەوە. جا با پێکەوە بزانین ئەم دینە تا چ ڕادەیەك ڕەوشت جوانی بەرز دەنرخێنێت و بە گرنگ سەیری دەکات و خاوەنەکەی تووشی چ چاکەیەك دەبێت بەهۆیەوە !**




**•ڕەوشت جوانی گەورەترین هۆکارە بۆ دەستگرتن بە دینەوەو لە بەرزترین پلەکانە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:** " أكمل المؤمنين إيمانا أحسنهم خلقا "[١]**: واتە: تەواوترینی باوەڕی نێو بڕواداران ئەوانەن کە ڕەوشتیان جوانە.**

**•کەسی ڕەوشت جوان خۆشەویستترین کەسە لای پێغەمبەری خواو ﷺ نزیکترین کۆڕو مەجلیسی هەیە لێیەوە، لەبەر ئەم فەرموودەیە:** " إن من أحبكم إلي وأقربكم مني مجلسا يوم القيامة أحاسنكم أخلاقا "[٢]**: واتە: خۆشەویستترینتان لای من و نزکترینتان لە کۆڕ ومەجلیسی منەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەتانن کە ڕەوشتیان جوانە.**

**•ڕەوشت جوانی خاوەنەکەی دەکات بە باشترینی نێو خەڵك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:** " إن من خياركم أحسنكم أخلاقا"[٣] **واتە: باشترینتان ئەوانەتانن کە ڕەوشتیان جوانە.**

**•ڕەوشت جوانی گەورەترین هۆکاری نزیکبوونەوەیە لە خواو بەپێزترین و چاکترین بەخششێکە لەلایەن خواوە سبحانه وتعالی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:** " ما شيء أثقل في ميزان المؤمن يوم القيامة من خلق حسن وإن الله ليبغض الفاحش البذيء "[٤]**: واتە: هیچ شتێك نیە لە ڕۆژی قیامەتدا قورستر بێت لەسەر تەرازووی کەسی بڕوادار لە ڕەوشت جوانی. وە خوای گەورە ڕقی لە کەسی خراپکارو دەم پیسە .**

**•بەهۆی ڕەوشت جوانیەوە مرۆڤ دەگاتە پلەی کەسێك کە بەڕۆژ بەڕۆژو بێت و بەشەو شەونوێژ بکات: لەبەر ئەم فەرموودەیە:** "إن المؤمن ليدرك بحسن خلقه درجة الصائم القائم"[٥]

**•واتە: باوەڕدار بەهۆی ڕەوشت جوانیەکەیەوە دەگاتە پلەی ڕۆژووەوانی شەونوێژ خوێن !!**

**• ڕەوشت جوانی باشترە لە دونیاو ئەوەشی تێیدایە: هەر لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عبداللە ی کوڕی عەمری فەرموو:** " أربع إذا كن فيك فما

---

[١] : حسنه الألباني في صحيح سنن الترمذي: ١/٣٤٠.

[٢] : صححه الألباني في صحيح سنن الترمذي: ٢/١٩٦.

[٣] : البخاري رقم: ٣٥٥٩.

[٤] : صححه الألباني في صحيح أبي داود ٣/٩١١.

[٥] : صححه الألباني في صحيح أبي داود ٣/٩١١.

عليك ما فاتك من الدنيا: حفظُ أمانةٍ، وصدق حديثٍ، وحسن خليقةٍ، وعفة في طعمة "[٦] واتە: چوار سیفەت هەیە ئەگەر تێتدا هەبێت ئەوا هەموو دونیایشت لەدەست بچێت ئاساییە: ئەمانەت پارێزی ، ڕاستگۆیی، ڕەوشت جوانی، پاکێتی لە خواردندا .(واتە : خواردنی حەڵاڵ)

•ڕەوشت جوانی وەسیەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ بۆ هەموو موسڵمانان: بۆیە کاتێك موعازی کوڕی جبلی نارد بۆ وڵاتی یەمەن، وەکو بانگخوازێك بۆ دینی ئیسلام، وەسیەتی پێی کرد و فەرمووی: " .... وخالق الناس بخلقٍ حسن "[٧] واتە: ... بە ڕەوشتێکی جوان مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکە.

•ڕەوشت جوانی ئاوات وئومێدی هەموو موسڵمان و بانگخوازێکە: هەر لەبەر ئەو گرنگیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لە خوا دەکرد کە ڕەوشت جوانی پێ ببەخشێت. وەکو فەرموویەتی: " واهدني لأحسن الأخلاق، ولا يهدي لأحسنها إلاّ أنت ..." یان دەفەرموێت (کاتی سەیر کردنی ئاوێنە) " اللهم كما أحسنت خلْقي فحَسِّن خُلُقي "[٨] واتە: خودایە، ڕێنمایم بکە بۆ باشترین و جوانترین ڕەوشت کەس ناتوانێ ئەو کارە بکات تەنها تۆ نەبێت. یان: ئەی پەروەدگارم: وەکو چۆن بەشێوەیەکی جوان وڕێك منت دروست کردووە، ئاوهاش ڕەوشتم جوان بکە.

•پێغەمبەری خوا ﷺ زامنیماڵێك دەکات لەبەرزترینی شوێنی بەهەشت بۆ کەسێك کە ڕەوشتی جوان بێت: وەکو دەفەرموێت: " ... وببيتٍ في أعلى الجنة لمن حسَّنَ خُلُقَهُ "[٩] واتە: من زامنی ماڵێك دەکەم لە بەرزترینی شوێنی بەهەشت بۆ کەسێك کە ڕەوشتی جوان بکات !!

•ڕەوشت جوانی ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە زۆرترین خەڵك دەڕۆنە بەهەشتەوە: وەکو پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ چ شتێك خەڵك زۆر دەباتە بەهەشتەوە؟ ئەویش فەرمووی: " تقوى الله وحسن الخلق "[١٠] واتە: تەقوای خواو ڕەوشت جوانی.

لەڕاستیدا فەزڵ وچاکەی ڕەوشت جوانی زۆر هەیە ئەگەر بمانەوێ باسی لێوە بکەین بەڵام هەر ئەوەندە بوار هەیە و ئەوەشی کە پێویست بوو وترا، وە هەروەها بەسە بۆ چاکەی ڕەوشت وئاکار جوانی کە خوای پەروەردگار وەصفی پێغەمبەرەکەی دەکات ﷺ لە قورئاندا کە تا ڕۆژی قیامەت دەخوێنرێتەوەو دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ (٤)﴾ {القلم} واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت وخوویەکی زۆر جوان وپەسەند وبێ وێنەو مەزنیت. وە ئەگەر سەیری ژیاننامەی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن بووە لەگەڵ خێزان وخزم ودراوسێ و هاوەڵە بەڕێزەکانی و منداڵان و تەنانەت بێ باوەڕانیشدا، هەربۆیە زۆرجار بەهۆی ڕەوشت بەرزی وجوانی هەڵسوکەوتیەوە خەڵکانێکی زۆری ڕاکێشاوە بۆ ئیسلام وموسڵمان بوون بەو هۆیەوە.

بەڕێزان: ڕەوشتی جوانیش زۆر شت دەگرێتەوە وەکو ئەمانە: ئارامی وخۆڕاگری، لەسەرخۆیی، بەخشندەیی ودڵفراوانی، لێبوردەیی وچاوپۆشین، نەرم ونیانی، دادپەروەری و ستەم نەکردن، ڕاستگۆیی وچاکەکاری، بەوەفایی بۆ بەڵێن وپەیمان، بەزەیی پێدا هاتنەوەو لێخۆشبوون، دەست ودەم وداوێن پاکی، خۆبەکەم زانین، دونیانەویستی، بەخۆداچوونەوە، چالاك بوون لەکاروکردەوەدا، پیاوەتی وجوامێری وئازایەتی، دڵسۆزی و دامەزراوێتی، ڕێزگرتن لە خەڵك لەکۆتاییدا داواکارین لە خوای بێ هاوتا کە ڕەوشتی

[٦]: صحيح الجامع الصغير للألباني ٣٠١/١.
[٧] حسنه الألباني في صحيح سنن الترمذي ١٩١/٢.
[٨]: صححه الألباني في إرواء الغليل ١١٣/١.
[٩]: حسنه الألباني في صحيح أبي داود ٩١١/٣.
[١٠]: حسنه الألباني في صحيح الترمذي ١٩٤/٢.

جوان و بەرزمان پێ ببەخشێت. آمیـن.

**پشتوان حسن کەرەم**

دەرچووی ئینگلیزی - زانکۆی سلێمانی

## هۆکارەکانی کاریگەربوون بە قورئان [*]

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحيم

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

**خوا سبحانه قورئانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بیخوێنینەوە و کاریگەر بین و کردەوەی پێبکەین نەك بە تەنها بیخوێنینەوە و بیکەینە هۆکارێك بۆ پارە پەیداکردن و هەڵخەڵەتاندن و کوشت و کوشتاری خەڵك ، بە کورتی خوا سبحانە قورئانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری خۆشی و ئاشتی و ئارامی بۆ خەڵك ، جا لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵك پشتیان لە قورئان کردووە و لێی تێنەگەیشتوون یان بە هەڵە لێی تێگەیشتوون بۆیە حەزمان کرد بە کورتی کۆمەڵە خاڵێك بخەینە ڕوو کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ دڵ کرانەوە و تێگەیشتن و کاریگەر بوونی دروست لە قورئان لەوانە :**

**١ . حەزکردن لە سوودمەندبوون :**

**دەبێت خوێنەر حەزێکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ سوود بینین و کاریگەربوون ئەگینا پێش خوێندن و دوای خوێندنی نزیك لە یەك دەبن .**

**٢ . پڕی دڵ لە بەگەورەڕاگرتنی خوا سبحانە :**

**تاوەکو خوێنەر زیاتر بیر لە گەورەیی خوا بکاتەوە و ترسی لە خوا زیاتر بێت زیاتریش گرنگی بە واتای ئایەتەکان دەدات و خەمی کاریگەربوون و تێگەیشتنی واتاکەیەتی بۆ ئەوەی بزانێت پەروەردگارەکەی چی دەفەرموێت تاوەکو گوێڕایەڵی بکات .**

**٣ . وازهێنان لە تاوان و گوێڕایەڵیکردنی خوا سبحانە :**

**تاوان دڵ ڕەش دەکاتەوە و دەرگای تێگەیشتن و کاریگەربوون دادەخات بە پێی زۆری و کەمیەکەی ، تاوان نەکردن و گوێڕاڵیکردنیش دڵ ڕووناك دەکاتەوە و توانای بیستن و تێگەیشتن زۆر زیاد دەکات، جا بە ویستی خۆت هەڵبژێرە بەڵام وریابە دواڕۆژ بۆ لەخواترسانە .**

**٤ . کۆکردنەوەی دڵ و گوێڕاگرتنی تەواو :**

**کاتێك قورئان دەخوێنیت دەبێت دڵت بخەیتە لای ئایەتەکان و ئەو سەرقاڵیە زۆرانەی هەتە لە کاتی خوێندنەوەکەتدا لە خۆتی دوور بخەرەوە و بە جوانی گوێ لە خوێندنەوەکە ڕابگرە چونکە پەرتەوازەیی دڵ وادەکات تەرکیزت لاواز ببێت و سەرنجی ورد لە ئایەتەکان نەدەیت بەمەش لە بەشێکی زۆری کاریگەربوون ئەگەر نەڵێم هەمووی بێبەش دەبیت .**

**٥ . هەست کردن بەوەی ئایەتەکان تۆ دەدوێنن :**

**واتە کاتێك قورئان دەخوێنیت ئەو هەستە لە لای خۆت دروست بکە کە ئایەتەکە لەگەڵ تۆ دەدوێت و فەرمان بە تۆ دەکات و ڕێگری لە تۆ دەکات بۆ نموونە کە خوای گەورە دەفەرموێت : " وأقيموا الصلوة " واتە : نوێژەکان بەو شێوازەی لە شەرعدا هاتووە جێبەجێی بکەن، وابزانە کە بە تۆیەتی بۆیە یەکسەر هەوڵی جێبەجێکردنی بدە .**

**٦ . جوان خوێندنەوە :**

**هەوڵ بدە بە پێی توانا حوکمە تەجویدیەکان جێبەجێ بکەیت ئەمەش بە خوێندن لای کەسێکی شارەزا لەو بوارەدا یان گوێگرتن لە قورئان خوێنێکی بەتوانا ، ئەمەش لەبەر :**

**یەکەم : پێویستی جوان خوێندنەوەی قورئان .**

**دووەم : هۆکاریکە بۆ هاندانت بۆ زیاتر خوێندنەوە و کاریگەربوون بە قورئان .**

**٧ . دەنگ خۆشی :**

**دەنگ خۆشی هۆکارێکە بۆ کاریگەربوونی خوێنەر و گوێگر و زیاد بوونی خۆشەویستی بۆ قورئان ، پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – لە ڕێگەی فەرمایشتە پیرۆزەکانیەوە هانی داوین بۆ ئەوەی بە**

[*] **بڕوانە کتێبی** (تفسير الجزء الأخير : د. عادل الشدي و د.أحمد المزيد)

دەنگی خۆش قورئان بخوێنین وەکو فەرموویەتی : " زينوا القرآن بأصواتكم " ( السلسلة الصحيحة : ٧٧١ ) .

واتە : قورئان جوان بکەن بە دەنگەکانتان .

جا خوێنەری بەڕێز هەوڵ دان و خۆ هیلاککردنت بۆ ئەوەی دەنگت خۆش بێت لەبەر خوا سبحانە بە عیبادەت بۆت دەنوسرێت و پاداشتی لەسەر وەردەگریت، جا لە کەمتەرخەمان مەبە .

٨ . زانینی واتای ئایەتەکان :

بۆ ئەوەی ئایەتەکان کاریگەریت لەسەر دروست بکەن دەبێت لە مانا و واتاکانی تێبگەیت ئەگینا کە تۆ تێنەگەیت بەچی کاریگەر دەبیت ؟!

٩ . دووبارەکردنەوەی ئایەتەکان :

چەندە ئایەتێك دووبارە بکەیتەوە کاریگەری زیاتری لەسەرت دەبێت بە تایبەت ئەو ئایەتانەی کە باسی گەورەیی خوا سبحانە و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن جا خۆت بێبەش مەکە .

١٠ . پاڕانەوە :

لە خوا سبحانە بپاڕێرەوە کە دڵت بکاتەوە و تێگەیشتنت زیاد بکات ، پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – فەرموویەتی :

" أفضل العبادة : الدعاء " ( السلسلة الصحيحة : ١٥٧٩ )

چاکترین پەرستن : پاڕانەوەیە .

١١ . سەیرکردنی حاڵی پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم– و هاوەڵانی –رضي الله عنهم– لەگەڵ قورئاندا :

ئەمەش بە سەیرکردنی ئەو فەرموودە پیرۆز و وتە بەنرخانە دەبێت کە لە پێشینانمانەوە گێردراونەتەوە و باسی کاریگەربوونیان دەکەن بە قورئان ، وەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – دەنگی گریان لە سنگیەوە هاتووە وەکو دەنگی ئاوی کوڵاو لە ناو مەنجەڵدا ( رواه أبو داود وصححه الألباني ) .

خوا سبحانە هەموو لایەکمان هیدایەت بدات بۆ تێگەیشتن و کاریگەربوون و کارکردن بە قورئان، آمین .

وَصَلَى اللهُ عَلَى مُحَمدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمد

ادريس محمود

دەرچووی یاسا – سلێمانی

## جگەر گۆشەکەت وێنەو کۆپی تۆیە، بۆیە ئاگاداری بە..

بێگومان پەیوەندی نێوان ڕۆڵەو باوکان پەیوەندیەکی توندو تۆڵەو نیعمەتو بەخششێکی خوای گەورەشە لەسەر مرۆڤ ، جا کە لە قورئانو سوننەتی پاك ڕابمێنی ئەوەت زیاتر بۆ ڕۆشن دەبێتەوە، تا پێغەمبەرانیش . سەڵاتو سەلامی خوایان لەسەربێت . لەو نێوەندەدا ئاکارو ڕەوشتێکی بڵندو باڵایان لە خۆیاندا ڕەنگ پێداوەتەوەو پیادەکردوە بۆ بانگەوازی جگەرگۆشەکانیان بۆ خێرو خۆشی دونیاو دواڕۆژیان کە لەوپەڕی جوانیو قەشەنگیو ڕازاوەیو سۆزو میهرەبانیدایە بۆ ڕۆڵەکانیان..

کەوابوو نابێت ئەو ڕۆڵە لەبیر بکرێت بەڵکو دەبێت باشیش ڕەچاو بکرێت؛ چونکە کارەساتی گەورە بەڕێوەیەو بەندە پرسیاری لێ دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە حزوری خوای موتەعال، ئەوەتا پێشەوا (ابن القيم) دەفەرموێت: چەندین ڕۆڵەو جگەر گۆشە بەدبەختو سەرگەردان بوون لە ئەنجامی کەمتەرخەمی باوکانیانو وازهێنان لە پەروەردەیانو یارمەتیدانیان بۆ ئارەزوەکانیان، کەچی واش گومان دەبات ڕێزی لێ گرتووەو سۆزی پێیداهاتۆتەوە بێ ئاگا لەوەی سووکو ئیهانەی کردوەو ستەمی لێ کردوەو لە کیسی چووە کە سود لە ئەولادایەتی بکاتو بگرە دەرفەتو پشکی خۆیشی لە دونیاو دواڕۆژدا لە دەستداوە! بۆیە کە سەیری گەندەڵیو خراپی ڕۆڵەکان بکەیت دەبینیت زۆرێکی لەلایەن باوکانەوەیە، ئەویش بەهۆی وازلێهێنانو پشت گوێ خستنیان لە فێربوونی واجبو پێویستیەکانی دینو سوننەتەکانی، بە بچووکی بەزایەیاندان، بۆیە نە سودیان بەخۆیان گەیاند! نە بە گەورەیش باوکانیان سودیان لێ بینین!

هەروەکو چۆن هەندێك گلەیی و گازندەی ئەوەی لە ڕۆڵەکەی کردوە کە ئازاری داوە، کەچی پێی وتوە: هۆ باوکە تۆش منت بە بچووکی ئەزیەتداوە بەوەی بەزایەتداوم ئەوەتا منیش لە کاتێکدا پیرێکی بەساڵاچووی بەزایەت دەدەمو ئازارت پێ دەگەیەنم!![11]

**کەوابێت منداڵەکانیش هەقیان لەسەر باوکانو دایکانیان هەیە...**

بۆیە دەبێت ئاگایان لێبێ تا نەبنە دانیشتووی دۆزەخ؛ لەبەرئەوەی چاکسازی بۆ دواڕۆژیان یەکەم داخوازی کراوو مەقسەدو پیرۆزترینە...خوای پەروەردگاریش دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾[12]. (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتانو کەسو کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی خەڵكو بەردە، . کە زۆر بە ئێشو ژانو بڵیسەدارو گەرمیشە، وەکو ئاگری دونیا نیە کە تەنها دارو چیلەکە بێت . فریشتە گەلێکی توندو زبری لەسەرەو سەرپێچی خوا ناکەن لەوەی ئەمریان پێ دەکاتو ئەوەش فەرمانیان پێبکرێت ئەنجامی دەدەن).

دەی زۆریش سەیرە هەندێك لە باوکان دەبینی زۆر دڵ بەخەمو پەرۆشە! بۆ؟

کوڕەکەی لە خوێندن خراپە هەر بۆیە دەبینین تووشی خەمو دڵەڕاوکێ هاتووەو خەفەتو پەژارە هەموو گیانی داپۆشیوە..

لەولاشەوە باکی نیە بۆ دابەزینی ئاستی دینداریو ڕەوشتی!! ئەسڵەن جولەش ناکات مەگەر باوکانێکی فرە کەم نەبێت.

وە کە بێتو ڕۆڵەکەی لە دەرسو دەوام دوابکەوێت زۆر دڵتەنگ دەبێت، بەڵام کە لە مزگەوتو جومعەو جەماعەت . بە تایبەت نێرینە . دوابکەوێت، وەکو بڵێی: بەلایەوە نەبای دێتو نەباران!!

لە کاتێکدا بابەتەکە زۆریش هەستیارو پڕ بایەخە...

لەبەرئەوەی گەورەترین زیان ئەوەیە مرۆڤ خۆیو ماڵو منداڵی بدۆڕێنێو لێیان بچێتە خەسارەتیێ . پەنا بە خوا .[13]

**کەواتە: خراپ پەروەردەکردن دەورێکی لەناوبەرو کاولکاری هەیە لەسەر منداڵەکانو کۆمەڵگەش، بەڵکو لەسەر نیشتیمانیش...**

شێخ سەعدی گەورە ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت: ئیهمال کردنی ڕۆڵەکان زەرەری زۆرە، وترسناکیەکەشی خەتەرە، ئەریێ بۆ نمونە کە باخو بێستانێکت هەبێتو گەشەی پێ بکەی تا درەختەکان پێ دەگەنو ڕاست دەبنەوەو بەروبوومەکەیان نەشونما دەکەنو گوڵەکەیان جوانو ڕازاوە دەبێت، پاشان وازی لێ بهێنیتو نەیپارێزیتو ئاوی نەدەیو لە بەڵاو نەهامەتی ئاگاداری نەبیو چارەسەری نەکەی!! ئاخۆ ئەوە ئەوپەڕی نەفامیو کاڵ فامی نیە؟!

ئەی چۆن جگەرگۆشەکانت فەرامۆش دەکەی کە نوسخەو وێنەی گیانو ڕۆحی تۆنو ئەوانن لە شوێنو جێگەی تۆ لەدوای مردنو لە ژیانیشتدا، کە بە بەختیاریان بەختەوەری تەواو بەرجەستە دەبێت، وە بە فەلاحو نەجاحەتو سەرکەوتنیشیان خێرو خۆشیەکی زۆر دەستەبەر دەبێت[14]، بەڵام تەنها ئەوانەی خاوەن ژیریو ئاوەزو ئەقڵن بیردەکەنەوەو ئامۆژگاری باشو زانستو زانیاری بە کەڵك وەردەگرن[15]..

---

[11]

[12] التحريم.

[13] وەکو خوای تەعالا فەرموویەتی: ﴿ قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٥﴾ ﴾ الزمر: ١٥.

[14] بهجة قلوب الأبرار وقرة عيون الأخيار في شرح جوامع الأخبار.

[15] ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ ﴾ آل عمران، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونیش لەسەر ئەو بابەتە، بڕوانە پەرتووکی: (حقوق الأولاد على الآباء والأمهات)، هی د.عبد الله البخاري: ٥ . ١٥.

جیهاد قادر، ماستەر لە ڕەوانبێژی ـ فەرموودە ـ وزانستی زمان

# خوشکەکەم بیرت بێت

بیرت بێت کە مردنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە تۆ هێشتا ئەژیت، گرنگ نیە هەناسە بدەیت، چاوەکانت ببینێت، دڵت لێبدات، لاشەت جوڵە بکات.....

لای خەڵکی مردن ئەوەیە کە: هەناسە نەدەیت، دڵت لە لێدان بکەوێت، و لاشەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بوەستێت....

هەروەك لەو کاتەدا دەڵێن کە تۆ ژیانت بەجێهێشتوە... ... زۆرێك دەبینین کە دەجوڵێن قسەدەکەن ئەخۆن ئەخۆنەوە پێدەکەنن بەلام مردوون، ژیانێك دەژین تەنها بەناو لەم دنیایەدان...... تێگەیشتنی خەڵکی بۆ مردن جیاوازە، کۆمەڵێك کاتێك هەست بە مردن دەکەن کە کەسێکی ئازیزیان لە ژیاندا نەمێنێت و وا بیردەکەنەوە کە ئیتر ژیان کۆتای هات....هەندێکی تر ئەو کاتانە هەست بە مردن دەکات کە سەرکەوتوو نابێت لە کارەکانیدا و گرنگی ئەو لە ژیاندا نەماوە....

کەسانێکی تر هەن ژیان لە چاوەکانیدا دەوەستێت کاتێك بێتاقەت و غەمبارە و واهەست دەکات غەمبارییەکەی کۆتای نیە....

کەواتە لێکدانەوەی مانای مردن لای مرۆڤەکان جیاوازە.




زۆرێکمان لە کاتە پڕ ناخۆشیەکاندا ئاواتەخوازی مردنین، هەستەکەین کە مردن تاکە چارەسەرە و کۆتاییەکی زۆر خۆشە٬ بەڵام.....

ئایا ڕۆژێك لە خۆمانمان پرسیوە دوای مردن چی چاوەڕێم دەکات؟

بەڵێ پرسیارێکی زۆر گرنگ....

چاڵێکی قوڵ!

تاریکاییەکی زۆر....

تەنیاییەکی ترسناك!

پرسیار...ئازاردان...یان بەهەشت... یان دۆزەخ..

ئازیزانمان لێرە بوون، ئەژیان، لەگەڵمان ڕێیان دەکرد پاشان بەجێیان هێشتین، ئەوان ڕۆشتن بێ ئەوەی ژیان لە بەردەوامی خۆی بوەستێت، بێ ئەوەی خۆر لە گەشانەوە و ڕوناکی بوەستێت، بێ ئەوەی ڕۆژگار لە درێژەپێدانی بوەستێت، بێ ئەوەی کات بوەستێت، !ئێمەش هێشتا لێرەین، هێشتا خوێنی جەستەمان وشك نەبۆتەوە، دڵمان لە لێدان نەکەوتوە، تەمەنمان درێژەی هەیە، ئەی بۆچی ئەژین! بێ ئەوەی بژین؟! مردوین! بێ ئەوەی مردبێتین؟!

چریەیەك.....

ئەگەر ژیان لە چاوەکانماندا وەستا

پێویستە لە دڵەکانماندا نەوەستێت

چونکە مردنی ڕاستەقینە مردنی دڵە

**ڕێناس محمد. دەرچووی ئینگلیزی**

## خەواریج
## ئەمانیش ماڵن بەسەر ئیسلامەوە !!

**بەشی یەکەم.**

کاتێك پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) لەناو هاوەڵە بەڕێزەکانیدا بوو پێی فەرموون (افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة، قيل: من هي يا رسول الله؟ قال: من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي. وفي بعض الروايات: هي الجماعة. رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه والحاكم، وقال: صحيح على شرط مسلم.).

واتە "جولەکە پارچە پارچە دەبن بۆ حەفتاو یەك بەش وە گاوریش دابەش دەبن بەسەر حەفتاو دوو بەش ، وە ئوممەتی منیش بەسەر حەفتاو سێ بەشدا دابەش دەبن هەموویان دەچنە نێو ئاگر تەنها یەك کۆمەڵەیان نەبێت کە ڕزگاریان دەبێت ، هاوەڵە بەڕێزەکانیش فەرموویان : کێن ئەو کۆمەڵە ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو کۆمەڵە لەسەر ئەو ڕێبازو مەنهەجەن کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لەسەرە " ، کەواتە گومانمان نیە لەوەی موسوڵمانان لەدوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) تاوەکو ئەو ڕۆژگارەی ئێمەی تێداین چەندین گروپ و کۆمەڵی لاڕێ و گومڕا دروستبوونە لەناو موسوڵماناندا ، خوای گەورە هاوکار بێت هەوڵ دەدەین هەندێك لەو گروپانە بەکورتی ئاشنا بکەین بەخوێنەران تاوەکو هیچ نەبێت مەنهەج و ڕێبازە پوچەڵەکانی هەریەکەیان بناسن ،




خەواریج ئەو باسەیە کەئێمە دەستمان داوەتێ و لێرەدا باسی دەکەین ، چونکە هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەناو موسوڵمانان درێژبوونەتەوەو هەموویان هەمان پەیڕەویان هەیە کەلەسەرەتای دروستبوونی یەوە هاتووە ، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو بوونە بەماڵی قەڵپ بەسەر ئیسلامەوەو ناحەزانی ئیسلام و کافران هەرکات بیانەوێت تانەو تەشەر لەئیسلام بدەن یەکسەر خەواریج و کارە ناشیرینەکانیان بەبەڵگە دێننەوەو دەڵێن : ئەوانیش ئیسلامن !!! ئەوانیش ڕیشیان هەیە !!.

بۆیە خەواریج لەڕووی زمانەوانی یەوە : خەوارج بەمانای وشەی دەرچوون هاتووە ، وە ناوێکی کۆکراوەیە بۆ وشەی (خارج) بۆیە هەڵگری ئەو سیفەتە بەخەواریج دادەنرێت .

خەواریج لەڕووی سەرچاوەی شەرعی یەوە : خەواریج بەهەموو ئەو موسڵمانە وتراوە کە لەفەرمانڕەوایی ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دەرچوون و هەریەکە لە ئیمامی عەلی و هاوەڵەکانیان بەکافر دادەنا و بەحەلاڵیان دەزانی کە کوشتاریان لەگەڵ بکەن ، چونکە لای ئەوان هەموو ئەوانە کافر بوون و کوشتاریان بەواجب دەزانی .

سەرەتای دەرکەوتن : ئەم گروپە گومڕایە سەرەتا لەساڵی (٣٧)ی کۆچی دەرکەوتن کاتێك لەفەرمانی ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دەرچوون و لەجەنگی (نەهرەوان) کوشتاریان کرد لەگەڵ ئیمامی عەلی ، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کەپێیان دەوترێت خەواریج ، وە یەکەم کەس کە بەیعەتی پێدرا لەنێو خەواریجدا (عبدالله کوڕی وەهبی ڕاسبی) بوو .

ناوەکانی خەواریج :

(الخوارج ، المحكمة ، الحرورية ، أهل النهروان ، الشراة

، المارقة ، المكفرة ....الخ).

ئا / هیوا زیرەك

# ڕێساکانی بیروباوەڕ *

الحمدلله وحده،والصلاة والسلام على من لا نبي بعده،أما بعد :

## ئەڵقەی یەکەم

خوێنەری بەڕێز داواکارم لە پەروەردگار ڕێنموونیت بکات لە دونیا و دواڕۆژدا، و بەرەکەتدارت بکات لە هەر شوێنێکدا بوویت، وە لەو کەسانەت بگێڕێت کە ئەگەر خوا سبحانە نیعمەتێکیان پێببەخشێت شوکری دەکەن، وە ئەگەر بەڵایان تووش ببێت ئارام دەگرن، وە ئەگەر تاوان بکەن داوای لێخۆشبوون دەکەن، کە ئەم سیانەش ناونیشانی بەختەوەرین .

بزانە گرنگترین شتێك کە مرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و فێری ببێت یەکخواپەرستیە، چونکە مەبەستی دروستکردنی مرۆڤ و جنۆکەیە، لەو ڕێسا و قاعیدانەش کە یارمەتیت دەدەن بۆ ئاسان فێربوونی بابەتی یەکخواپەرستی:

**ڕێسای یەکەم :**

هەرچەندە باوەڕیشت بەوە هەبێت الله بە تەنها دروستکارە و ژیاندن و مراندن هەر بەدەستی ئەوە بەمە نابیت بە موسڵمان تاوەکو بە تەنها الله نەپەرستیت .

**ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێسایە :**

هاوبەش بڕیاردەرەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – باوەڕیان بەوە هەبوو کە الله دروستکارە و ژێنەر و مرێنەرە و ڕۆزیدەرە و کاروباری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبات وەکو خوای گەورە فەرموویەتی : [قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ] [يونس: ٣١].واتە : ئەی – محمد – بڵێ : کێیە لە ئاسمان و زەویەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێببەخشێت، کێیە خاوەنی دەزگاکانی بیستن و بینین بێت، ئەی کێیە زیندوو لە مردوو دەردەهێنێت و مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت، وە کێیە کاروبارەکان بەڕێوە دەبات؟ بەزوویی لە وەڵامی ئەمانەدا دەڵێن : هەر خوایە هەموو ئەوانە دەکات . تۆش پێیان بڵێ : دەسا بۆ خۆپارێزی ناکەن و لە خواناترسن ( هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن ) .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوا سبحانە لە قورئاندا بە کافر و مشرك ناوی بردوون بۆچی؟ چونکە ئەو بێباوەڕانە هاواریان دەکردە غەیری خوا و بت و دار و بەردیان دەپەرست کەواتە کاتێك بەندە بە موسڵمان دادەنرێت کە بە پاك و پوختی پەرستنەکانی بۆ خوا ئەنجام بدات و لە خۆشی و ناخۆشیدا هەر هاوار بۆ الله ببات و داوای شیفا و چارەسەر هەر لە ئەو بکات نەك لە بت و دار و بەرد و پیاوچاکان و ... هتد .

هەر لێرەوە هەڵەی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێن : هەرکەس باوەڕی بە خوا هەبوو موسڵمانە، کە بەڕاستی ئەم قسەیە مەترسی بیروباوەڕی زۆر گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە یەکێك لەو مەترسیانە بەدرۆخستنەوەی قورئانە چونکە لە چەندین ئایەتی قورئاندا خوا سبحانە ئەو کەسانەی بە بێباوەڕ داناوە کە هاوار لە غەیری خوا دەکەن هەرچەندە باوەڕیشیان بەوە هەبووە کە تەنها خوا دروستکارە .

**خوا سبحانە دەفەرموێت :** [وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ] [المؤمنون : ١١٧].

واتە : ئەو کەسەی لەگەڵ خوادا هاوار بکاتە کەسێکی تر و بیپەرستێت لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە لەسەر ئەو کارە ئەوا لێپرسینەوەی لای پەروەرگارێتی بێگومان بێباوەڕان سەرفراز نابن و ڕزگار یان نابێت لە ڕۆژی دواییدا .

* بڕوانە نامیلکەی ( القواعد الأربع لمحمد بن عبدالوهاب ) .

وصلی الله علی محمد وعلی آل محمد

**ئا / زانست**

## زیانەکانی فیلمە دۆبلاژ کراوەکان

### بەشی دووەم

٤- لاسایکردنەوەی زۆرێك لە ڕەفتارە نابەجێ و ناشەرعیەکانیان ، لەوانە پەیوەندی ناشەرعی و بێ ڕێزی کردن بەرامبەر دایك و باوك و قسە شکاندنیان وە خیانەت و فێڵ کردن و درۆکردن ، هەموومان گلەیی ئەکەین بۆ درۆ و خیانەت و فێڵ زۆر بووە بۆ کەس خێری کەسی ناوێ بۆ ژیانمان بەرەو ناخۆشی و ناڕەحەتی ئەڕوات ، بڕوا بکەن بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فیلمانە ، کە خەڵك فێری ئەوە ئەکەن کە چۆن کچ خیانەت لە دایك و باوکی خۆی بکات و ژیان و ئابڕو و پاکێتی بداتە دەست گەنجێك کە نایناسێت و خێری ئەوی ناوێت.

٥-ڕەچاونەکردنی داب و نەریتی کوردەواری ، وە زۆر لە ئادابەکانی ناو ئەو فلیمانە بێگانەنن بە کلتور و بەها و ئەخلاقی ئەم گەلە موسوڵمانە، کلتور و داب و نەریتی بێگانە پەخش ئەکەن و نەوەکانی داهاتووی پێ ئاشنا ئەکەن، لەکاتێکدا داب و نەریتی خۆمان شتی زۆر جوانی تێدایە .

٦- لاوازبوون یان کاڵ بوونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەبینین خەڵکی کەم سەردانی یەکتر دەکەن نەوەك زنجیرەکەیان لە دەست بچێت، سەردانی برایەکی نەخۆشی ناکات یان سەردانی خزمێکی یان دۆستێکی ناکات خێرێکی دەست کەوێت.

٧- شارەزابوون لە ژیان نامەی کەسانێك کە حساب بۆ شەرعی خوا ناکەن ، کەسانێك ببنە چاوساغ و پێشەنگت کە دوورن لە بەرنامەی ئیسلام،

وە شوێن پێ هەڵگرتنیان هەنگاو بە هەنگاو وە لاسایی کردنەوەیان لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و قسەکردن ومۆدێلاتی جل و بەرگ ، جل و بەرگێك کە ئەکتەرەکانی ناو ئەو فیلمە لەبەری ئەکەن دوایی لە بازاڕەکاندا کچان و کوڕانی موسوڵمان بە دوایدا دەگەڕێن و لەبەری ئەکەن لەکاتێدا ئەسڵەن ئەو جل و بەرگانە لە جلی موسوڵمان ناچێت.

٨-دواخستنی عیبادەتەکان بە تایبەتی نوێژە فەرزەکان زۆر کاتیش نوێزی بەیانیانی لە دەست ئەچێ بە هۆی درەنگ خەوتنەوە لە شەودا.

٩- زۆر بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و جیابوونەوەی هاوسەرەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان ، لێرە و لەوێ ئەبیستین کە بەهۆی ئەم فیلمانەوە کێشە کەوتۆتە نێوان هاوسەرەکان و سەرئەنجام جیابوونەتەوە ، دوژمنانی ئەم دینە گەر بیانەوێت ڕەوشت و شەرم و شکۆی لە کۆمەڵگادا تێکبشکێنن لە تاکەکانەوە دەست پێ ئەکەن پاشان بەرەو ناو خێزانەکان کە جومگەی سەرەکی کۆمەڵگایە بەم شێوەیە زۆر بە ئاسانی ئەو کۆمەڵگایە بەرەو لێکترازان و لەناو چوون دەچێت،لە زەمانی زوودا کەی ئەوەندە کێشە و گرفت هەبووە بەڵام ئێستا بە هۆی زۆر بوونی ئامێرەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کێشەی زۆریان دروست کردووە هەروەها حاڵەتی خۆکوشتن زۆر بووە ڕۆژانە لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەبیستین و ئەبینین کە لە فلان شوێن کەسێك خۆی کوشت .

١٠- خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی ئەو فیلمانە،ئەمە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانە لە پێناوی هیچدا تەنیا بۆ بینەر کۆکردنەوەیە و هیچی تر، گەر ئەم پارەیە لە کارێکی باش و شەرعیدا سەرف بکرێت باشترە وەك لەوەی بیدەن بە شتانێکی بێ سوود و بێ نرخ کە گەنجەکانمان فێری چەندەها ڕەوشتی نابەجێ و ناپەسەند ئەکات.

**ئا / ئەڤین محمد (بەشی جوگرافیا.ك.خانەقین)**

تێبینی : بەشی یەکەمی ئەم بابەتە لە دوا ژمارەی پار بڵاوکرایەوە

## بەندایەتی ڕاستەقینە

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە.. صەڵاوات و سەلام بۆسەر خۆشەویستمان .. پاشان:

دەزانم زۆر سەختە لەسەر دەمێکی وەکو ئەم ڕۆژگارەی کە بەسەرماندا بە ناڕەحەتی شێوە دەگوزەرێت ، باسی شتێك بکەین کە دەیان وتە و سەدان مانای تاڵ و ناشرینی لێ دەبێتەوە و دواتریش ڕووبەرووی چەندین پرسیار و ڕەخنەت دەکاتەوە..!

بەڵام پێش ئەوەی وتەکەم بڵێم، دەتوانی پێم بڵێیت بۆچی لە ژیاندایت؟ ئامانجی کۆتایی هاتنی ژیانت چی یە؟ ئەتوانی پێم بڵێی دەتەوێ بگەیت بەچی؟!

ئەی کچی بەڕێز ئەی ئافرەتی پایە بڵند.. هەموو مرۆڤێك بە نێر و مێ.. گەورە و بچوك.. ڕووبەڕوی زۆر شت بوینەتەوە.. لە دوژمنی ناوەکی ( ئارەزووەکانمان ) و دوژمنی دەرەکی ( شەیتان و خەڵکی خراپە ویست ) بەڵکو لەهەمووی تاڵتر خەڵکی نەزانە کە لە هیچ تێناگات..!

بۆیە ئەگەر بمانەوێ ڕزگارمان ببێت لەمانە پێویستە تۆزێك بە وردی تەماشایەکی خۆمان بکەین، نەوەك بوبینە نێچیری یەکێك لەوانە..!!

ئارەزووەکان: ناشایستەیە بۆ مرۆڤی ژیر خۆی بخزێنێتە نێو هەواو و هەوەسێك کە کەسایەتی و مێژوویش بخاتە بەر شاڵاوی بێ ئابڕوویی و بێ ئاکامیەوە..!

شەیتان: ئەو دوژمنەی کەخودا وریای کردوینەتەوە لێی و ئەویش دوژمنایەتی ئاشکرامان دەکات..!

خەڵکی نەزان: ئەمەش لەوانی پێشتر زۆر ناشرینترە بۆ کەسێکی ژیر و خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ کە بکەوێتە ژێر کاریگەری نەزان و نەفامانەوە..!




ئەی چارەسەر چی یە؟!

ئەزیزان: خودا بەندەکانی خۆی دروست کردووە و هیچ پێویستی پێیان نیە..! چونکە ملیۆنەها ساڵ بەسەر ئەم گەردون و کەونەدا هاتووە و ڕۆشتووە ، من و تۆش نەبوین و هیچ پەکی نەکەوتووە.. ئەڵبەتە من و تۆ ڕۆژێك دێ نەمێنین و هەر موڵکی خودا ماوە و خوداش بێ نیازە لە ئێمە..!

بۆیە.. بمانەوێ یان نا! تێبگەین یان نا..! ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.. کە خودا پێویستی بە ئێمە نیە..!

ئەی ئێمە چی؟ ئێمە کە لاوازین و لاوازتریش دەبین کاتێ بە بێ دەسەڵات شۆڕ دەکرێینەوە نێو قەبرێکی تەنگ و تاریك..! ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێ کە چین و کێین.؟!

دەی با بەندەی ئەو خودایە بین کە دەفەرموێ : (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ ) (ملك: ٢)

واتە: ئەو خودایەی ( ژیان و مردن ) ی بە دیهێناوە بۆ ئەوەی هەندێ بەڵا و تاقیکردنەوە بهێنێتە ڕێتان کە کێتان هەیە باشترین کردار ئەنجام بدات لە کاتی ئەو

تاقیکردنەوەیانە ، هەر ئەوە خاوەن هێز و هەر ئەویشە لێبوردە.

تەماشاکە و وردببەوە کە ژیان و مردن کە سنوری تەمەنی هەریەکێك لە ئێمەیە تەنها تاقیکردنەوەیە کە کێ دەتوانێ لەم ماوەیەدا چاکترین کار ئەنجام بدات..!

دەڵێم: بەڕاستی من یان تۆ ئەم پرسیارەمان لە خۆمان کردووە..؟!

( **ئایا ئێمە باوەڕداری ڕاستەقینەین** )..؟!

ئەگەر وەڵام ( نەخێرە ).. دەی دەمانەوێ چی بکەین..؟ نامرین؟ لێپرسینەوەمان لێ ناکرێت؟! دەتوانین لە موڵکی خودا و فەرمانی خودا هەڵبێین..؟

ئەگەر وەڵامیش ( بەڵێ )یە.. دەی خۆ خوای گەورە بانگی باوەڕداران دەکات کە پچڕ پچڕ نەبن لە ئاینەکەیاندا بەڵکو گشتگیری ئیسلامەتیەکەیان لە باوەش بگرن و نەهێڵن سێ دوژمنەکە بیانکەن بە خۆراکی خۆیان..

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ ) (البقرة:٢٠٨)واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بە گشتگیری ئاینەکەتان وەرگرن و شوێنی هەنگاوە ژەهراویەکانی شەیتان مەکەون چونکە ئەو دوژمنی ئاشکراتانە.

تەماشاکە: خودا دەفەرموێ شەیان دوژمنی ئاشکراتانە ، دەی ئێمە بۆ خۆمان ئامادەنەکەین بۆ ڕووبەڕو بونەوەی ئەو دوژمنە ئاشکرایە.؟!

لە هیچ شوێنێکی قورئاندا نەهاتووە کە خودا بفەرموێ شەیتان دوژمنی خوایە بەڵکو تەنها بەوە وەسف کراوە دوژمنی ئێمەیە..!

بەڵام هەرکاتێك مرۆڤ ببێتە دۆستی شەیتان ئەوکاتە خودا بەو مرۆڤە خراپەکارە دەڵێت دوژمنی خودا (وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ...) ( التوبة: ١١٤ )

واتە: هەرگیز ئیبراهیم داوای لێ خۆشبونی لەخودا بۆ باوکی نەدەکرد لەبەر ئەو بەڵێنە نەبا کە بە باوکی دابووی ، بەڵام پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە باوکی ( دوژمنی خودایە ) حاشای لێ کرد و دورکەوتەوە لێی..

دەبینین باوکی ئیبراهیم تەنها هاوەڵی بۆ خودا دادەنا و شیرکی دەکرد و بت پەرستی دەکرد.. واتە بوو بە پشتیوانی شەیتان و دژی فەرمانەکانی خوا وەستایەوە..!

**ئایا ئێمە لە کامانە دەبین..؟**

سەرخەرانی ڕێبازی خودا یان سەرخەرانی ڕێبازی شەیتان..؟

ببینە: ( قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ) (آل عمران:٥٢)

هاوەڵەکانی ( عیسا ) فەرمویان ئێمە سەرخەرانی ئاینی خودا دەبین بەوەی باوەڕمان هێناوە و تۆش شاهێد بە کە ئێمە موسڵمانین..!

شەیتانیش سەرخەری هەیە:( اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ) (المجادلة:١٩)

واتە: شەیتان بە خەڵەتاندن وچاوبەستن لە ئاستی حەق یادی خودای بیر بردنەوە ، ئا ئەوانە پشتیوانانی شەیتانن و بێ گومان حزبەکەی شەیتان مایە پوچ و کۆتا شەڕن و هیچ بە هیچ ناکەن..!

بۆیە ئەی برادار خۆت یەکلا بکەرەوە بۆ خودا..

بلال جلال حداد

دەرچووی فیزیا

==================

## هەندێك لە ئاداب و ڕەوشتە جوانەكان

**بەڕێزان ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرەڕای ئەوەی فەرمانی پێكردوین بەوەی هەندێ شت ئەنجام بدەین ، بەڵام لەبەرامبەریشدا داوای لێكردوین واز لەكۆمەڵێك كاری نابەجێ و ناپەسەند بهێنین ، لەم بابەتەدا بەپشتیوانی پەروەردگار چەند كردەوەیەك دەخەینە بەر باس تاوەكو سەرەتا خۆم و دواتر ئێوەی بەڕێز لێیان دوور بكەوینەوە ، ئەوانیش :**




**یەكەم : تەماشا نەكردنی ماڵی خەڵكی :**

عن سهل بن سعد رضي الله عنه قال : « اطلع رجل من جُحرٍ في حُجَرِ النبي صلى الله عليه وسلم ومع النبي صلى الله عليه وسلم مدري (أي مشط) يحك به رأسه فقال : لو أعلم أنك تنظر لطعنت به في عينك، إنما جُعل الاستئذان من أجل البصر» متفق عليه.

**واتە " سەهلی كوڕی سەعد (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پیاوێك چووە بەردەرگای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و لەكونی دەرگاكەوە تەماشای پێغەمبەری خوای دەكرد (صلى الله عليه وسلم) لەو كاتەدا كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شتێكی وەكو (شانە) پێ بوو سەری پێ دەخوراند ، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو : ئەگەر بمزانیبا تۆ لەو كونەوە تەماشام دەكەی ئەوا ئەم شتەم دەكرد بەچاوتا ، بۆیە مۆڵەت خواستن دانراوە لەبری ئەوەی چاو بپارێزرێ ". (بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان كردووە .**

**دووەم : كاتێك لەدەرگای كەسێكتدا پێویستە ناوی خۆت بڵێی :**

عن جابر – رضي الله عنه – قال: أتيت النبي – صلى الله عليه وسلم – في دَيْنٍ كان على أبي، فدققت الباب فقال: ((من ذا؟)) فقلت: أنا، فقال: ((أنا أنا)) كأنه كرهها. (البخاري).

**واتە " جابری كوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : چومە خزمەتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بەمەبەستی قەرزێك كە لای باوكم بوو ، دام لەدەرگاو پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : كێ یە ؟ منیش گوتم : منم ، بۆیە ئەویش فەرمووی : منم ، منم ( واتە : پێی ناخۆش بوو كە ناوی خۆم نەهێناو تەنها وتم منم)."(ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە).**

**سێهەم : ئەگەر سێ كەس بوون با دوانتان پێكەوە چپە نەكەن :**

عن عبدالله بن عمر – رضي الله عنهما – قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم –: ((إذا كانوا ثلاثة فلا يتناجى اثنان دون الثالث))، وفي رواية: ((فإن ذلك يحزنه))؛ متفق عليه.

**واتە " لە عبدالله ی كوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : (ئەگەر سێ كەس بوون با دوانتان پێكەوە چپە نەكەن و كەسی سێهەم ئاگاداری قسەكانتان نەبێت) لەڕیوایەتێكی تردا هاتووە (لەبەر ئەوەی ئەو كارە دڵتەنگی دەكات) ".(بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان كردووە .**

**چوارەم : كوژاندنەوەی ئاگر لەشەودا لەكاتی نوستن :**

عن أبي موسى – رضي الله عنه – قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم : إن هذه النار إنما هي عدو لكم، فإذا نمتم فأطفئوها عنكم))؛ متفق عليه.

**واتە " ئەبی موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : بەڕاستی ئەمە ئاگرە كە دوژمنی ئێوەیە ، بۆیە كاتێك ویستتان بخەون ئەوا بیكوژێننەوە ".(ئیمامی بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان كردووە .**

**ئا / هەوار عادل ( دەرچووی بەشی فیزیا )**

# نامەیەك لە دڵەوە بۆ دڵ

**خوێنەری بەڕێز:** بیهێنە پێش چاوت کە تۆ ئێستا لەسەر جێگــا پاکــشاویت و لەســەرەمەرگی و چــاوەڕێی فریشتەی گیان کێشانی و دوای چەند ساتێکی تر ڕوحەکــەت لەلاشــەت جیادەبێتــەوەو دەردەچــێ و ماڵئاوایی هەتاهەتایی لەدونیا دەکەیت، ماڵئاوایی لەخزم و کەس و کارو هاوڕێکانت دەکەیت وە پاشان پاك دەتشۆنەوە دواجار بەکفنی سپی بەرگت بۆ دەدوورن و پاش چەند خولەکێك نوێژت لەسەر دەکەن و بەرەو گۆڕ بەڕێت دەخەن و لەدوای ناشتنت ماڵئاواییت لێ دەکەن و بەتەنها خۆت دەبیتە میوانی گۆڕ، تەنها خۆت و بەس کەست لەگەڵ نامێنێ نەباوك و نەدایك و نەخێزان و نەمنداڵ و نەبراو نەخوشك و.. هتد.

ئێستا کەتۆ لەناو گۆڕیت بەتەنها لەمەنزڵگای غەریبانی ئەگەر چاکەخواز بیت ئەوە بێ گومان گۆڕەکەت پڕ دەبێت لەنازو نیعمەتی خوایی بەڵام بەپێچەوانەوە ((خوا پەنامان بدات)) ئەگەر لەکۆمەڵی خراپەکاران بیت ئەوە گۆڕەکەت دەبێتە شیوێك لەشیوەکانی دۆزەخ.

* بەمردن لاپەڕەکانی ژیانت داخرانەوەو جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا.

خۆشییەکان و ڕابواردن و حەزەکان و هیواکان سڕانەوە ئێستا چاوەڕێی سزاکانی دەبیت.

**خوێنــەری خۆشەویــست:** چەندەها ساڵت لەژیانی ئەم دونیایە لەدەست چووە لەخوداپەرستی و خواناسی، بیربکەرەوە چەندەها نوێژت لەکیس چووە، چەندەها ڕۆژووت نەگرتووە، چەندەها چاکەت لەهەل چووە، چەندەها... چەندەها.. هتد!!.

ئێستا تۆ لەناو ئەم گۆڕەدا ئاهی پەشیمانی هەڵئەکێشی بەڵام تازە بێ سوودە..

گۆڕیش یان دەبێتە ڕایەخەی بەهەشت یان ڕایەخەی دۆزەخ. بڕیار بەدەستی خۆتە ئەگەر ئەتەوێت بەهەشت، دەی کردەوەی چاك ئەنجام و سازبدە، وەئەگەر نا ((دۆزەخ))ی پڕ لەچەرمەسەری و بەدبەختی و ئازاری کوشندە چاوەڕێتە.

**ئەی ئیمانداری بەڕێز :**

لەدوای ژیانی ناو گۆڕ پاشان ڕۆژێك دێتە پێش کەئەویش ((ڕۆژی دوایی))یە. ئەو ڕۆژەیە کەخەڵکی چارەنووسی بەهەتا هەتایی دیاری دەکرێت، ئەو ڕۆژەیە کەزەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕێنەوە بەزەوی و ئاسمانی تر کەتەنها خوا خۆی ئەزانێ و هەموو دەچنەوە بەردەستی ئەو لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك ناتوانێت سوود بەکەسێکی تر بگەیەنێ و پاڵپشتی بکات، ئەو ڕۆژەیە کە خەڵکی لەنێو گۆڕەکانیان دێنە دەرەوەو بەرەو پەروەردگار دەکەونە ڕێ بەڕووتی.. لەوێ تیرەگەری و تایفەگەری بایەخی نی یە، لەوێ ماڵ و سامان گرنگی نی یە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٣﴾ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ (سورة المؤمنون:١٠١_١٠٤)،

واتە: کاتێك فووو دەکرێت بە –صور– دا ئەوە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نی یە و کەس لە کەس ناپرسێتەوە * ئەو کەسەی تەرازووی چاکەکانی قورس بێت ، ئا ئەوانە سەرفراز و سەرکەوتوون * بەڵام ئەو کەسەی تەرازووی چاکەکانی سووك بێت ، ئەوانە ئەو کەسانەن خۆیان لەدەستداوە و خۆیان خەسار و ڕیسوا کردووە ، دەبێت هەر لە ناو دۆزەخدا ژیانی نەبڕاوە ببەنە سەر * بڵێسەی ئاگر چڕوچاویان دەبرژێنێت ، هەموویان لێویان هەڵقرچاوە و دانیان ڕیچ دەبێتەوە (دیمەنیان سامناکە)

* ڕۆژی دوایی ئەو ڕۆژەیە کەخەون و خەیاڵەکان هەمووی بەتاڵ دەبنەوە، ئەو ڕۆژەیە کەتێنووسی کردەوەکانت بەچاوی خۆت دەبینی، ئەو ڕۆژەیە

کەمرۆڤ لەدەستی دایك و باوك و براو هاوسەرو منداڵی هەڵدێ و دەڵێ تەنها خۆم.. تەنها خۆم..

* ئەو ڕۆژەیە کەستەمکاران و دەسەلأتداران هەرچیان هەبێ دەیکەنە قوربانی تەنها لەبەرئەوەی لەدەستی دۆزەخ ڕزگاریان بێت.

ئەی ئەو کەسەی سەرپێچی پەروەردگارت کردووەو یاخی بووی لەفەرمانەکانی، لەیادت نەچێت ڕۆژێك دێت لەبەردەستی پەروەردگارت ڕادەوەستیت لەپاش ئەوەی بانگ دەکرێی لەنێو هەموو خەڵکدا بەناوی خۆت دەچیتە بەردەستی پەروەردگارت بەتەنهایی، ئەبێت ئەو ساتانە بەلاتەوە چۆن بێت کەڕاوەستاویت و بەدەستت تێنووسی کردەوەکانت توند گرتووەو بەچاوی خۆت هەموو لاپەڕەکانت خوێندۆتەوە کەپڕ بووە لەتاوان و سەرپێچی.

بەڕێزم سوێندت دەدەم بەپەروەردگار شەرم لەخودا ناکەیت؟ ئەو خودایەی هەموو نازو نیعمەتێکی بەسەرت داباراندووە کەچی تۆش بەو شێوەیە سوپاسی نیعمەتەکانی دەکەیت!

بەڵێ لەم ساتانە کەبەتەنهایی لەبەردەستی پەروەردگارت ڕاوەستاویت هەموو وێنەی تاوانەکانت دێتەوە یاد کەئەنجامت داوە بەرامبەر بەپەروەردگار، ئەو پەروەردگارەی کەبەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە.

**براو خوشکی بەڕێزم :**

وەلأمت چۆن دەبێت ئەگەر پەروەردگارت پێی ووتی: ئەی بەندەکەم.. باشە بۆ منت بەگەورە نەزانی؟ باشە بۆ شەرمت لەمن نەکرد؟.. باشە نازو نیعمەتم پێ نەبەخشیویت؟ دەرەنجام بۆ یاخی بوویت و لەفەرمانەکانم دەرچوویت؟

**خوێنەری بەڕێز :**

ڕۆژێك دێت کەخواناسان لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە بەڕوویەکی سپی و گەشەوە کەنێو چاوانیان دەدرەوشێتەوە لەدەرئەنجامی کردەوە چاکەکانیان وەفریشتەکانی خوا پۆل پۆل دێنە پێشوازییان...

وەخوای پەروەردگار بە فریشتەکانی دەڵێت: ئەی فریشتەکان بەندەکانم ببەن بۆ بەهەشت بۆ ئەو جێگەیەی کەپڕە لەنازو نیعمەت.. ئەو جێگەیەی کەمەڵبەندی ڕازی بوونی خۆمە ئیتر لەم ساتە بەدواوە ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەخۆشی نامێنێ.. لەبەرامبەر ئەمەشدا بیربکەرەوە دەبێت حاڵی خوانەناسان چۆن بێت، خوای پەروەردگار بەفریشتەکانی دەڵێت: ئەی فریشتەکان ((خوانەناسان و ئەوانەی سەرپێچی منیان)) کردووە بیانبەن بەرەو دۆزەخ.. بەرەو ناڕەحەتی و بەدبەختی و ناخۆشی..

لەو ساتانەدا دەبێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت؟! لەو کاتەدا دڵی مرۆڤی خوانەناس دەکەوێتە خورپەوەو جەستەی هەمووی دەلەرزێ و پەشیمان دەبێتەوە لەو کردەوە خراپانەی کردوویەتی لەدونیا.. لەهەموو ساتێکی دا سەدان جار هەناسەی ساردی پەشیمانی هەڵئەکێشێ بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی دونیا تاوەکو جارێکی تر تاوان نەکات و بڕیار بدات ملکەچی فەرمانەکانی خوا بێت بەلأم سەد مەخابن تازە بڕیاری چارەنووسی هەتاهەتایی دراوە کەئەویش ((ئاگری دۆزەخ))ە.

**زەنگی ئاگادارکردنەوە**

ئەی خوێنەری خۆشەویست ئێستا کە تۆ چاوت خستۆتەسەر ئەم چەند دێڕەو ئەم نووسراوە دەخوێنیتەوە دیارە هێشتا هەناسەت لەبەر ماوەو ژیانت کۆتایی نەهاتووە ئەبێت ئاگادارو چالاك و ووریا بیت.. بەردەوام بە لەسەر خواناسی و خوداپەرستی ئەگەر تاوانێکت ئەنجام داوە هەر ئێستا پەشیمان بەرەوەو بگەڕێوە بۆ لای خوای بالأدەست. تاوەکو لەزۆنگاوی تاوان دەرباز بیت و بەرەو کەناری خۆشبەختی هەنگاو هەڵنێی.

پشتیوان محمد
دەرچووی عەرەبی / زانکۆی صلاح الدین

## خۆتەقاندنەوە و تەقینەوە

## شێوازێك نی یە لە پەیڕەوەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز لە بانگەشەدا

(ئەڵقەی یەکەم)

**بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز لە سەر قەدەغە کردنی ئەم کردارانە :**

**بەڵگەی یەکەم :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [سورة النساء : ٩٣] .

**واتە : هەر کەسێك بە ئەنقەست کەسێکی بڕواداری بێتاوان بکوژێت و کوشتنی بە حەڵاڵ بزانێت ، ئەوا جێگەی دۆزەخە بە هەتاهەتایی ، و پەروەردگاریش لێی تووڕەیە ، و بەر نەفرەتی خواش دەکەوێت ، و سزایەکی سەختی بۆ ئامادەکراوە .**

**ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگە ئەوەیە : ئەو کەسەی کەسێکی بێتاوان بکوژێت بە ئەنقەست . هەروەکو لە کاری خۆتەقاندنەوە و تەقینەوە دا ڕوو دەدات . بەو شێوەیە سزا دەدرێت کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە .**

**شێخی ( الألباني ) ـ بەڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (العمليات الانتحارية في الزمن الحاضر الآن : كُلُّها غير مشروعة وكُلُّها مُحرَّمة ، وقد تكون من النوع الذي يُخَلَّد صاحبهُ في النار ...) **واتە : کرداری خۆ کوژی و خۆ تەقاندنەوە لە سەردەمی ئێستادا : هەمووی نا شەرعییە و هەمووی حەرامە ، و هەندێك جار لەو جۆرە خۆکوژییە یە کە خاوەنەکەی بە هەتاهەتایی لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەهێڵێتەوە ...**

**بەڵگەی دووەم : وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾ [المائدة : ٣٢] .

**واتە : لە بەر ئەوە بوو لە سەر بەنی ئیسرائیل نووسیومانە کە هەر کەسێك نەفسێك بکوژێت بێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێت ، یان گەندەڵی یەکی لە زەویدا بەرپاکردبێت ، ئەوا وەکو ئەوە وایە کە هەر هەموو خەڵکی سەر زەوی کوشتبێت ، وە ئەو کەسەش کە زیندووی بکاتەوە وەکو ئەوەیە کە هەموو خەڵکی زیندوو کردبێتەوە .**

**ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگە ئەوەیە : ئەگەر کەسێك کەسێك بکوژێت بەرامبەر بە کوشتنی کەسێك نەبێت ، یان هۆکارەکەی ئاشوب و گەندەڵی بێت . هەروەکو لە کاری خۆتەقاندنەوە و تەقینەوە دا ڕوو دەدات . ئەوە تاوانەکەی وەکو ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی کوشتبێ – خوای پەروەردگار پەنامان دات – .**

**بەڵگەی سێیەم : وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾ [الأنعام : ١٥١] .**واتە : هیچ نەفسێك مەکوژن کە خوای پەروەردگار قەدەغە و حەرامی کردووە ، جگە لەوەی کە بە حەق دەکوژرێت .**

**ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگە ئەوەیە : کە نابێت هیچ کەسێکی بێتاوان بکوژرێت ئیللا بە هۆیەکی ڕەواوە نەبێت ، ئەویش ئەو ڕێگایانەیە کە لە سنورە شەرعیەکان هاتوون .**

**بۆیە شێخی ( الألباني ) ـ بەڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : کوشتنی موسڵمان ڕەوا نیيە ، جگە لە سنورە شەرعیەکاندا نەبێت ، کە بەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتیان لە سەرە ، بۆیە کوشتنی پیاوان ! و کوشتنی ئافرەتان !! و کوشتنی منداڵ ناڕەوایە !!!**

**من بە دوری دادەنێم کە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن لە موسڵمانان بن ، بەڵکو کەسانێکن پۆشاکی ئیسلامەتیان لە بەرکردووە ، و ئەیانەوێت پاکێتی و گەشی و ڕووناکی ئیسلام لەکەدار بکەن ، بەوەی کە کۆمەڵە کردارێی بدەنە پاڵ کە لە ڕاستیدا ئاینی ئیسلامی پیرۆز بێبەریيە لەو کردارانەی کە دەدرێنە پاڵی ، وەکو بێبەری بوونی گورگ لە خوێنی کوڕی یەعقوب .** عليهما السلام . .

فتاوى العلماء الأكابر ص : (٩٨) . / **ئا : زانست**

# لابردنی گومان لەسەر وتەیەکی پێشەوا محمدی کوڕی عبدالوهاب

پێشەوا لە وتەیەكیدا فەرمویەتی : هاوەڵ بڕیاردەرانی ئەم سەردەمی ئێمە زۆر خراپ تر و سەرسەخت ترن لە هاوەڵ بڕیاردەرانی سەردەمی پەیامبەری خوا لە روی هاوەڵ بڕیاردانەوە ، چونكە ئەوانەی سەردەمی پەیامبەری خوا لە كاتی خۆشی و ئاسودەیی هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار ئەدا ، بەڵام لە كاتی ناڕەحەتی و سەغڵەتی دا تەنها هانایان بۆ خوای پەروەردگار دەبرد بە تاك و تەنهایی . بەڵام هاوەڵ بڕیاردەرانی سەردەمی ئێمە هاوەڵ بڕیاردانەكەیان هەمیشەییە لە خۆشی و ناخۆشی بەڵگەش وتەی خوای پەروەردگارە كە ئەفەرموێ : ﴿فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾. ( العنكبوت : ٦٥ )




هەندێ لە نەیاران و دوژمنانی شێخ و بانگەوازە دروستەكەی ئەمەیان بە هەڵە لێك داوەتەوە و كردویانەت تانە بەسەریەوە ، تەنانەت درۆیشیان بە دەم شێخەوە كردوە وەك ئەڵێن : شێخ زیادەڕەوی كردوە لە وسفی حاڵی هاوەڵ بڕیاردەرانی پێشوو ، وە تزكیەی حاڵیان ئەكات ، مەبەستیان ئەو وتەیەی شێخە كە فەرمویەتی : هاوەڵ بڕیاردەرانی پێشوو تەنها لە كاتی خۆشی پەنایان ئەبردە بەر پەرستراوەكانیان . وە ئەڵێن هاوەڵ بڕیاردەرانی پێشوو باوەڕیان بە زیندوو بونەوە نەبووە ، و لە دژی پەیامبەری خوا جەنگان و روبەڕوی بونەوە و رێگریان لێ كرد لە گەیاندنی پەیامەكەی ، كەچی هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا ئەو كارانەیان نەكردوە ئەگەرچی دوچاری هاوەڵ بڕیاردانیش بن لەگەڵ ئەوەشدا نوێژ دەكەن و رۆژوو ئەگرن و پەیامبەریان خۆش ئەوێ .

**وەڵامی ئەم شوبهەیە لە چەند خاڵێكدا :**

**یەكەم /** پێشەوا لە هەموو رویەكەوە بەراوردی نەكردوە لە نێوان هاوەڵ بڕیاردەرانی كۆن و ئێستا بەڵكو بەراورد كردنەكە لە بابەتی پاڕانەوە و هانا بۆبردنە هەروەكو فەرمویەتی : ( إن مشركي زماننا أغلظ شركاً من الأولين ) ، وە بە ڕوانین بۆ حاڵی هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا دەبینین لە خۆشی و ناخۆشی پەنا ئەبەنە بەر قەربر و دار و بەرد . جا لەبەر ئەوەی بەراوردكردنەكە تەنها لە هاوەڵ بڕیاردانە حەق ئەوەیە بڵێین راستە هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا هاوەڵ بڕیاردانەكەیان لەوانەی پێشوو سەخت تر و ترسناك ترە ، هەردوو لایشیان هاوەڵ بڕیاردەرن . سەرئەنجامی هەردوكیشیان مانەوەیە لە دۆزەخ بە هەمیشەیی .

**دووەم /** ڕاستە هاوەڵ بڕیاردەرانی كۆن دانیان بە (لا اله الا الله ) نەدەنا ، لە بەرامبەردا هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا ئیدعای ئەوە ئەكەن كە دانی پیا ئەنێن یان بە زمان ئەیڵێن بەڵام كردەوەكانیان پێچەوانەی ناوەڕۆكی ( لا اله الا الله ) یە ، ئەمەش بەسە مرۆڤ پێی بێ باوەڕ بێ یان ببێتە هاوەڵ بڕیاردەر .

**سێیەم /** راستە هاوەڵ بڕیاردەرانی پێشوو ئازاری پەیامبەری خوایان داوە بە رێگری لێكردنی و شەڕكردن لە دژی و ئازاردانی ، لە بەرامبەردا ئەوانەی ئێستا بە هاوەڵ بڕیاردانیان و هانا بردنە بەر دار و

بەرد و پاڕانەوە لە مردوو ئازاری پەیامبەری خوا ئەدەن ، چونکە کارەکەیان پێچەوانەی فەرمانی پەیامبەری خوایە ، خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور : ٦٣) واتە : با بەئاگابن و بترسن ئەوکەسانەی کە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا سەرپێچی فەرمانەکانی پەیامبەری خوا دەکەن لەدونیادا تووشی دووڕوویی و بێ باوەڕی و بیدعە بن یان لە قیامەتدا تووشی سزایەکی سەخت بن . هەربۆیە مەرج نیە ئازاردانی پەیامبەری خوا پەیوەستبێ بەوەی خۆی لە ژیان بێ ، پێچەوانەبونەوەی و لادان لە ڕێبازەکەی ئازاردانە بۆی.

**چوارەم** / کە لە هەمووی زیاتر مەبەستمانە وەڵامدانەوەی ئەوەیە کە ئەڵێن : (هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا ئەگەرچی دوچاری هاوەڵ بڕیاردانیش بن لەگەڵ ئەوەشدا نوێژ دەکەن و ڕۆژوو ئەگرن و پەیامبەریان خۆش ئەوێ) بۆ وەڵامی ئەمە ئەڵێم : بنچینە لە ئایندا بریتیە لەوەی ئەگەر پەرستش یەکتاپەرستی لەگەڵ نەبوو سود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێ ، هەرچەندە ئەو پەرستشە زۆریش بێ تەنانەت شەونوێژیش بێ تا بەیانی یان حەج کردن بێ یان نوێژی جەماعەت بێ ئەگەر هاوەڵ بڕیاردانی لەگەڵ بوو پوچەڵ ئەبێتەوە وەکو ئەوەی هیچ نەکردبێ لەگەڵ ئەوەشدا تاوانبار ئەبێ ، هەروەکو چۆن نوێژ بەبێ دەستنوێژ قبوڵ نیە بەهەمان شێوە پەرستش لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردان پوچەڵ و قبوڵ نیە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً ﴾ ( الفرقان: ٢٣.٢٣ ) ئیتر چۆن پەرستشێك قبوڵ بێ کە خاوەنەکەی لە خۆشی و ناخۆشی پەنابباتە بەر دار و بەرد و مردوو ؟ هاوار بکاتە بدوی و حسین و شیخ عبدالقادری گەیلانی و ... هتد . سەرئەنجامی هەردوکیان هاوەڵ بڕیاردانە ، سەرئەنجامی هەموو هاوەڵ بڕیاردەرێك ئاگری دۆزەخە بە هەمیشەیی تیایدا ئەمێنێتەوە بەبێ ڕوانین بۆ کردەوەکانی چونکە چی کردەوەی ئەنجام داوە هاوەڵ بڕیاردانەکە پوچەڵی دەکاتەوە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ الزمر ٦٥

جا بە پیاچونەوەی حاڵی هاوەڵ بڕیاردەرانی پێشوو وە بەراوردکردنی بە کردەوەی هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وتەکەی شێخ زۆر ڕاست و دروستە ، هاوەڵ بڕیاردەرانی ئێستا لەوانەی پێشوو خراپترن لە ڕوی چۆنێتی هاوەڵ بڕیاردانیانەوە ، وە سەرئەنجامی هەردووکیشیان مانەوەیە لە دۆزەخ بە هەمیشەیی پێنجەم / شێخ ئەم بنچینەیەی لە خۆیەوە باس نەکردوە وە بەرهەمی ڕاوبۆچونی تاکەکەسی خۆی نیە هەروەکو هەندێ خەڵکی لاڕێ بوو ئێستا وا ئەکەن ، بەڵکو ئەم بنچینەیەی لە قورئانەوە وەرگرتووە ، جا ئەگەر هەرکەسێك تانەو تەشەرە لەم بنچینەیە بدات ئەوا تانە و تەشەرەی لە قورئان داوە چونکە سەرچاوەی وتەکەی شێخ قورئانە . هەروەك چەندین ئایەتی تر وتەکەی شێخ پشت ڕاست ئەکاتەوە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ﴾ وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ : ﴿ وإذا غَشِيَهُمْ موجٌ كالظُّلَل دعوُا الله مخلصين له الدين ﴾ . بە پێچەوانەی زۆرێك لەوانەی ئێستا کە لە خۆشی و ناخۆشی تەنها و تەنها هاواردەکەنە غەیری خوا لە دار و بەرد و قەبر و مردوو ... هتد . هەربۆیە هۆکاری تانەدانی قەبرپەرستان لەوتەکەی پێشەوا لە دڵسۆزیان نیە بۆ ئاینی ئیسلام و دیفاع کردن نیە لە ڕێباز و سوننەتی پەیامبەری خوا ، بەڵکو ئەم وتە جوانەی پێشەوا ڕوخێنەری قەڵای خوار و خێچی قەبرپەرستانە کە بە هاوەڵ بڕیاردان و بیدعە بونیاتیان ناوە .

**ئامادەکردنی**

**هاوار عبداللە محمود**

## پرسیار و وەڵامی شەرعی

**ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چۆن و لەسەر چی دینێك خەدیجەی دایکی ئیماندارانی مارە کرد ؟**

**وەڵام :** پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم خەدیجەی مارە کردوە لەسەر داب ونەریتی ئەو کاتەی ئەوکەسانەی لەسەر شەریعەتی ئیبراهیم مابون (عليه السلام)، خەدیجە ئافرەتێکی خانەدان وخاوەن سامان بو، پیاوانی بەکرێ دەگرت بۆی یان بەقازانج شەراکەت(**المضاربة**) هاوبەشی دەکردن، کاتێك ناوبانگی ڕاستگۆیەتی وئەمانەتپارێزی وڕەوشتبەرزی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم ی بیست وپێگەیشت هەواڵی بۆ نارد و داوای لێکرد بەقازانج شەراکەت ماڵیاتەکەی ببات بۆ شام بڕوات لەگەڵ خزمەتکارەکەی کەناوی (**میسرة**) بو، ئەویش داواکەی قەبوڵ کرد و ڕۆشت، لەوێ ڕاهیبێك بەناوی (**نسطور**) بینیویەتی هەواڵی بە میسر داوە کە ئەم کەسە دەبێتە پێغەمبەر، پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوەی کەویستی لەکڕین وفرۆشتن ئەنجامیدا ئەوجا گەڕایەوە بۆ مەککە و میسرە ئەو هەواڵەی ڕاگەیاند بەخەدیجە ئەویش کەسێکی نارد بۆ لای پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم و پێی ڕاگەیاند کەمن حەز دەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ تۆدا بکەم لەبەر خزمایەتی و ڕێزداری و ئەمانەت و ڕەوشت جوانی و ڕاستگۆیەتیت ، ئەویش ئەمەی بۆ مامەکانی باسکرد حەمزەو ئەبوتالیب لەگەڵیدا ڕۆشتن تاوەکو چونە ماڵی باوکی خەدیجەو وەلەگەڵ باوکیدا قسەیان کرد و داوایانکرد بۆ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەویش بە مێردی دا، وەوتراوە عەمری کوڕی ئەسەد مامی خەدیجە، خەدیجەی داوە بە پێغەمبەری خودا وە بە خەدیجەی وتووە موحەممەد داوای خەدیجە بکات: ئەوە پیاوێکە لەلوتی نادرێت واتە بەڕێزەو خاوەن



کەسایەتی تەواوە وە ئەو کاتە تەمەنی خەدیجە چل ساڵبووە.

وە کەسوکاری (**بنوهاشم**) و پیاو ماقوڵانی عەشیرەتی (**مضر**) ئامادەی مەجلیسەکە بون پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دوانزە ئۆقەو نیو و چل دیرهەمی کرد بەمارەیی، وەوتراویشە بیست بەکرەی کردوە،ئەمەش دوای دومانگ دوای گەڕانەوەی لە شام پێش ئەوەی وەحی دابەزیت وەتەمەنی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەوکاتە بیست وپێنج ساڵ بووە ، جائەم شێوازە لەداواکردن و پێدان و مارەیی و کۆبونەوەیە لەشەریعەتی ئیبراهیمەوە سەلامی خوای لەسەربێت وەرگیراوە کە عەرەب لە سەری دەژیان ، هەروەها تەڵاق وحەج و عومرەو سەعی نێوان سەفا و مەروەو وەستان لە عەرەفەو گەورە ڕاگرتنی مانگەکانی موحەڕەم و غوسلی لەشگرانی و شۆردن و کفن کردنی مردوەکانیان وەچەندین شتی تر کە لە ناویاندا مابویەوە لەشەریعەتی ئیبراهیم، ئەوانیش لەسەری دەڕۆشتن تاوەکو ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات جا ئەوەی پەسەند کرد کردی و ئەوەشی پێچەوانە بوو لەگەڵی نەسخی کرد وە حوکمی نیکاحیش ئەوانەی کە لەپێش هاتنی ئیسلام ئەنجامدرابون پاشان ئیسلام هات بە سەریدا ئەوە زانایان یەکدەنگن لەسەر دروستێتی هاوسەرگیرییەك ئەگەر پیاو و ژنەکە موسڵمان بوبون، وە هەردوولا لەوانەبن کە لە ئیسلامدا ڕێگایان پێدراوە هاوسەرگیری بەیەکەوە بکەن وە نیکاحی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم لەم جۆرە بوە.

**لە لایەن بەڕێز : ( مامۆستا خلیل أحمد )ە وە وەڵامدراوەتەوە**